وەکو «دانیٚ» هەڵی ئەکەنی
جێگەکەی پڕ ئێش و زامارە
ئەگەر بیێتە :
وەك (دانیٚ) هەڵی ئەکەنی
جێگەی پڕ ئێش و ئازارە ل ٧٥

ئەوحەلە کێشەکەی ڕاست دەبۆوە.

هەروەها لە کۆتایی هۆنراوەی پرسیارێکی بیٚ وەلاٚم کە چوارو هەشت برگەیی یە کەچی لەنگی تێکەوە :

بنچینەی سەرمایەو گەنج
وزانست و ئابوورم ل ٩٢

ئەگەر بیٚ بە : وزانست و هونەر ، ئابوورم لەنگی یەکەی نامینیٚ . هەروەها :

(کوا گەواڵەو پێناست) بۆتە ٧ برگە ئەگەر بیێتە : کوانیٚ : گەواڵەو پێناست . لەنگی یەکەی نامینیٚ .

ئیتر ئەم نووسینەم وەك چەند سرنجێك لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندنی خۆم و باری تێگەیشتنم و بۆ چوونەوە دەخەمە بەرچاوو دەبیٚ لە هەمان کاتیشدا ئەوە بڵێم کە هەموو شتێك نیە کە دەمویست بیڵێم . شیعرەکان لەو نووسینە زیاتر هەڵدەگرن ، بەلاٚم باجاریٚ ئەوەندە بەس بیٚ .

**پەراوێزەکان :**

(١) – دووەم بەرهەمی عەمەد ئەمین پێنجوینیە . بریتی یە لە (١٠١) لاپەرە . دەزگای ڕۆشنبیری و بلاٚوکردنەوەی کوردی چاپی کردووە .
(٢) – التحليل النقدي والجمالي للادب : د . عناد غزوان ل ١٤-١٥
(٣) – رازونیاز ل ١٩
(٤) – رازونیاز ل ٢٠
(٥) – رازونیاز ل ٢١-٢٣
(٦) – رازونیاز ل ٣٠
(٧) – رازو نیاز ل ٣٤
(٨) – رازو نیاز ل ٣٨-٣٩
(٩) – رازو نیاز ل ٤٦
(١٠) – رازو نیاز ل ٥٣-٥٤
(١١) – رازو نیاز ل ٥٥
(١٢) – رازو نیاز ل ٨٦
(١٣) – رازو نیار ل ٩٨

# وێنەی شیعری چی یە؟

**کاکەی فەللاح**

پێم وایە گومان لەوەدا نەماوە کە شیعر زمانی هەست و سۆزو ئەندێشە و بیرەو لە پێش لقەکانی تری ئەدەبەوە سەری هەڵداوەو شان بە شانی جووڵەو پێشکەوتن و گۆڕینی ڕەوتی ژیان و کاروانی مرۆڤایەتی ، لە هەموو قۆناخەکاندا ، هاتووەو بە پیٚی بارو دۆخ و هەل و مەرجی ژیان و ئەرك و پێویستی یەکانی سەردەم هەمیشە هەر لە گەشە کردن و پێشکەوتن و چەسپاندندا بووە ، زۆرو کەم ، خزمەتی مرۆڤا یەتی کردووەو ، ڕۆژ بە ڕۆژ ،

هەناسەی درێژترو مەیدانی هەڵس و کەوتی لە گەڵ سروشتو ژیانو مرۆڤدا فراوانترو بە پێزتربووە.

نەتەوەی کوردیش، وەك هەموو نەتەوەو گەلێکی کۆنەوە، بایەخی بە مەسەلەی شیعر داوەو ئەم لقە گرنگەی درەختی ئەدەب و رۆشنبیریەیە شوێنێکی دیارو پیرۆزی لە دڵ و دەروونی رۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کوردمانا بۆ خۆی گرتووەو شیعرو شاعیر هەمیشە مایەی سەربەرزی رێزو شانازی کورد بووە. چونکە جگە لەوەی کە شیعری کوردی هەمیشە لە گەڵ ئازارو ئاواتی زوربەی گەلدابووە، بە درێژایی مێژووش، چەکێکی کاریگەرو بە برشت بووە بۆ پاراستن و بەخێوکردن و پێشکەوتنی زمان، کە کۆڵە کە یەکی سەرەکی یە بۆ بوون و مانەوەی نەتەوە و، زیندوو کردنەوەی کەلەپوورو فۆلکلۆرو مێژوو بەسەر هاتی رابوردوومان.. هتد.

شیعری کوردی لە قۆناخەکانی کلاسیکی و رۆمانسی و ریالیزمیدا بەهەموو لك و جۆگاو چەم و رووبارو کانیاوەکانی سەر بەم قۆناخانەوە، کەم و زۆر، نووسەرانی بەهرەدارو بەتواناو رۆشنبیرانی شارەزاو دڵسۆز، ئەوەندی توانیویانە و بەپێویستیان زانیوە، لە زۆر بواری مێژووی شیعری کوردی وشی کردنەوەی مەبەست و لێکوڵینەوەی ناوەرۆك و شێوەو بەهرەو رواڵەتەکانی هونەری شیعریان داوەو خزمەتی جیا کردنەوەو دەست نیشان کردنی قۆناخ و رێبازو تەوژمەکانیان کردووەو جێگا دەستیان بە تابلۆی رەنگینی مەسەلەی شیعری کوردی یەوە دیارو ئاشکرایە.

(وێنەی شیعری) یش کە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بۆ تێگەیشتن و شی کردنەوەی شیعرو پەروەردە کردنی بەهرەو چێژی ئەدەبی، بایەخی زۆری پێ دراوەو پێ ئەدرێت، یەکێکە لەو بوارە تا زانەی کە بەنیسبەت شیعری کوردی یەوە ئاوری لێ نەدراوەتەوەو ئەو بایەخ و گرنگیەی پێ نەدراوە کە هەڵ ئەگرێت.. سەبارەت بەو هۆیە، بەپێویستم زانی کە لەم چەن لاپەڕەیەدا، ئەوەندەی بتوانم، ئەم لایەنە، واتە لایەنی (وێنەی شیعری ی) لە جۆلانەوەی شیعری کوردیدا باس بکەم و دەست نیشانی چەن وێنەیەکی زیندووی بەرهەمی دوو شاعیری گەورەی کوردمان بکەم لەگەڵ دەرخستنی بایەخی وێنەی شیعری و پلەو پایەی هونەری ی ئەم وێنە کێشانە لە تۆماری شیعری کوردیماندا.

ئیمە کە باسی (وێنە) ئەکەین یەکسەر وێنە کێشێکمان دێتەبەر چاو کە بە فڵچەو بۆیە خەریکی وێنە کێشانەو هەست و نەست و سۆزو ئارەزوو ئەندیشەی تایبەتی خۆی ئاوێتەی ئەو شتە ئەکات کە وێنەی ئەکێشێت و گیانی هونەرو بەهرەی خۆی بەبەردا ئەکات و سەردەمێکی دوورو درێژی پێوە ئەباتە سەرو بەختەوەرانە، بە شانازی یەوە تابلۆکەی پێشکەشی جەماوەر ئەکات. بەڵێ یەکسەر بەناو هێنانی (وێنە)دا وێنەکێشمان دێ بەبیرو خەیاڵداوهەرگیز بۆ ئەوە ناچین، کە جگە لە وێنەکێشی هونەرمەند، هونەرمەندێکی تریش هەیە، کە ئەویش شاعیرە، بەوشە، وێنەی هونەری ئاوێتەی بەرهەمە شیعری یەکانی خۆی ئەکات و ئەرازێنێتەوەو پلەی هونەری پێ بەرزو بەرزتر ئەکاتەوە. بۆیە ئەگەر وێنەکێش، وەك وتمان، بە فڵچەو بۆیەو هێڵ و سێبەرو تارمایی و ڕەنگ، بەشێك لە جیهانی ناوەوەو ناخی خۆی، واتە هەست و سۆزو ئەندیشەو بیرو موچرك و تەزوو خەونەکانی ئاوێتەی دیمەنی دەرەوە، واتە ناو کۆمەڵ و سروشت و گەردوون بکات و چەن تابلۆیەکی ڕەنگین و زیندووو هونەری بکێشێت و بەرهەم بهێنێت و پێشکەش بکات، ئەوا مرۆڤی شاعیرو هونەرمەندیش لە ڕێگای زمان و پیت و وشەوە، لە ڕێگای شیعرەوە، هەست و نەستی خۆی ئاوێتەی وشەو ڕستەو دارشتن دەکات، ئەمیش وەك وێنەکێش، چەن تابلۆو وێنەیەکی گونجاوو زیندوو بەهرەدارانەو ئاوازدار دەخاتە بەر چاوو بەرگوێ و، خوێنەرو گوێ گر چێژی تەواوی لێ وەردەگرێت و هەست بە گەشانەوەو سەرسامی و حەپەسان و

تەلیسمێکی خۆشی ی قووڵ دەکات .

ئێستەش پێش ئەوەی چەند نموونەیەکی دیارو بە جێ ی ئەو تۆ بهێنمەوە کە لەبەرهەمی شاعیرانی کورددا هەن و مایەی سەرنج و تێ بینی و رێزو ئافەرین و دەم و دەست خۆشین ، حەز ئەکەم ئەوە بڵێم کە وەك چۆن هەموو مرۆڤێك ، خوێندەوارو نەخوێندەوار ، گەورەو بچووك ، پیرولاو ، قەڵەم بگرن بەدەستەوە ، بە نیازی کێشانی وێنەیەك ، دەتوانن شتێك وێنە بکێشن کە لەوشتە بچێت مەبەستیانە ، بەڵام ئایا ئەگەر ئەو کەسە هونەرمەندو بەهرەدار نەبێت بەرهەمەکەی هونەری لێ دەرئەچێتو شایانی سەرنج و تێ بینی و حەپەسانە ؟ بێگومان نەخێر . . بەڵام ئەگەر ئەوشتە بدرێتە دەست وێنەکێشێکی هونەرمەندو خاوەن بەهرەو چێژی تایبەتی ، ئەوا پارچە تابلۆیەکی جوان و رازاوەو هونەری ی لێ دەرئەهێنێت کە مایەی بایەخ پێ دان و سەرنجێکی قووڵ و بێ سنوورە . . شیعریش

هەروەها . . ئەگەر داوا لەهەرمرۆڤێك بکرێ ، شتێك هەر دەڵێت و دەهۆنێتەوە دەربارەی هەرکەرەسەو بابەتێك کە بیەوێت و لەوانەیە کێش و قافیەش تەواو بێت . بەڵام ئایا لە رووی دەربڕین و چێژو دارشتن و زمان و ناوەرۆك و شێوەو ، بە تایبەتی لە رووی وێنەی شیعری یەوە ، پارچەیەکی خەملێوو گەش و سەرکەوتووە ؟ ئەمیش بێگومان نەخێر . . . کەواتە نەهەمووکەس ئەتوانێ وێنەکێش بێت و نەهەموو کەسیش ئەتوانی شاعیر بێت ، چونکە پێش هەموو شتێك ئەم دوو هونەرە ، وەك هەموو هونەرێکی تر ، پێویستی بە بەهرەو رۆشنبیری و تاقی کردنەوەو کارکردن و چێژی پەروەردەکراوی تایبەتی و شارەزایی و قاڵ بوون هەیە . .

وێنەکێشان لە شیعردا ، هەر زۆر هونەرێکی گەش و بە دەستەلات و برشتەو لە دەست هەموو مرۆڤێکی کەم بەهرە نایەت : (نالی)کە دەڵێت :

هەناسەم زولفەکەی لاداوو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو رابوردو ، نێرگس هەرلەخەودایە

لەم بەیتە جوانەدا ، بە وشەو لێ چوون و دەربڕین ، وێنەیەکی شیعری ی بەرز هەست پێ دەکەین و دەبینین و ئەزوومان پێ دەبەخشێت و پلەو رادەی هونەری شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت و دەبینین : کە خۆشەویستەکەی شاعیر خەوی

لی کەوتووەو شاعیریش کە ساسانە بەسەر ئاگری چاوەروانی یەوە ، چاوەڕێ ئەوەیە خەبەری بێتەوەو بکەوتە رازونیازی خۆیان ، هەرچەند دەکا دڵی نایە خەبەری بکاتەوەو ناچارە بەهەناسەی سارد یان گەرم زوڵفەکانی لادەدا ، بێ ئەوەی چاو بکاتەوەو شاعیریش دەڵێت : شەماڵ (کە هەناسەمە)

زوڵفەکانی لاداوەو شەویش (کە زوڵفە) تێپەڕیوە کەچی نێرگس (کە چاوەکانێتی) هەر لەخەودا یەو خەبەری نابێتەوە ئێمە ، لەم تاکە بەیتەدا ، بێ ئەوەی هیچ وێنەیەکی راستەقینەی وێنەکێشێکی هونەرمەندمان لەبەردەمدا بێت ، لەسایەی پیت و وشەو دەربڕین و هێماو لێ چوون و ماناو خولیاوە ، لە رێگای زمان و هونەری بەرزی شیعرەوە ، ئەو وێنە شیعری یە بەهرەدارەی شاعیر دەبینین و هەست پێ دەکەین و چێژی لێ وەردەگرین و تاسەو تینوێتی ی هونەریمان دەشکێنێت . . بێگومان ئەم (وێنە شیعری)یەی لەم بەیتەدا بەرچاومان کەوت ئەگەر بدرێتە دەست وێنە کێشێکی هونەرمەندی چاك ئەوا دەتوانێ تابلۆیەکی بەرزی لێ بەرهەم بهێنێت کە تەواو لە هەست و مەبەستی شاعیر نزیك بکەوێتەوە . یان کە دەڵێت :

دەورانی یە وەك هێلەکی سەوداسەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم

ئیمه له ڕیگای زمانو لیٚچوونیکی وردەکاری هونەری شیعرەوه (ویٚنه یەکی شیعری) کەللەسەری شاعیر خۆیمان دەکەویٚته بەرچاو که (خڕو دەورانی‌یه) وەك هیٚلەکو وڕو گیٚژیشه له ئەنجامی بیر کردنەوەو ماندوو بوونو هەرچی شیعریکیش دەلیٚت (پەندو مەسەلو ورده) وەکوو ئارد که بەو هیٚلەکه بیٚژراوەتەوه . . لیٚرەدا دەردەکەویٚت که هونەری لیٚچوون دەستیٚکی بالاّی هەیه لەدەرخستنو ڕازاندنەوەو ویٚنه کیٚشانی ویٚنەی شیعری‌ی شاعیردا .

یان :

ئــاسمانی ڕووبی مــەحــبــوبــەم لــه ئــەبــرۆو زولفو روو
دوو هــیلالو دووشەوودوو مــاهی تــابــانی هــەیــه

ویٚنه شیعری‌یەکه لیٚرەدا جوانی‌ی خۆشەویستەکەی شاعیره که گەردوون بەو هەموو گەورەیی ئاودامانی‌یەیەوه تەنها یەك هیلالو یەك شەوو یەك مانگی هەیه ، بەتەنها (حەبیبه)ی (نالی) له هەموو یەکیٚك لەمانه دوو دووی هەیه ، واته به دوو برۆ ، دوو مانگی یەکشەوەو ، بەدوو زولف دوو شەوو ، بەدوو رووومەت دوومانگی تابانی هەیەو ویٚنەی هەریەکیٚك لەمانه هونەرمەندانه کیٚشراون .

مەسەلەی (ویٚنەی شیعری‌ی) بۆ ته کەرەسەو هەویٚنیکی تەواو پیٚویست‌وبه شیٚکی دیاری هونەرو بەهرەی شیعر . . له جیهانی شیعری نویٚشدا ، واته لەبیستەکان سی‌یەکان به دواوه تا ئەمرۆ ، شاعیرانی هەموو پشتو نەوەکان ، له بزوتنەوەو جمو جوولّو داهیٚنانی شیعری‌دا ، بایەخیان بەم لایەنه هونەری‌یه ، بەلایەنی (ویٚنەی شیعری‌ی) داوەو نموونەی گەشو ڕازاوەیان پیٚشکەش بەکاروانی نەسرەوتی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی کردووه . . له ناو هەموو شاعیرانی چەرخی بیستەمدا (گۆران)ی بلیمەت گالّەی بەم لایەنه کردووەو له هەموویان زیاتر عاشقو سەوداسەری ئەم ڕیٚبازه شیعری‌یەبووه . . هەر سەبارەت بەو هۆیەش بوو که زۆر جار ، له نووسینو بۆچوونی ئەدەبیدا ، زیاتر به شاعیری (وەسف) ئەدرایه قەلّەم . بەم بۆنه یەوه ، پیٚم وایه جیٚی خۆیەتی که بلّیٚم ، من خۆم له حزوری مامۆستا «گۆران» خۆیدا له کاك (جەمال بەختیار)ی ویٚنەکیٚشی ناسراوم بیستووه – که خزمی‌بوو – گوایه به منالّی (گۆران) هیوایەتی ویٚنه کیٚشانی بووه ، پیٚش ئەوەی مەیلو ئارەزووی شیعری بوویٚت ، کاك جەمالیش خۆی به منالّی سەرو سەختی لەگەلّ شیعردا بووه ، پیٚش ئەوەی خولیای ویٚنەو ویٚنه کیٚشانی بوویٚت ، کەچی دوایی ، بیٚ ئەوەی بزانن بۆ ، ئەم باوەشی به ویٚنەدا کردو ئەویش نازی شیعری هەلّگرت . جگه لەوەش ، هەرکاك جەمال‌وتی ، له هەموو تەمەنی ویٚنەکیٚشانما ، هەر تابلۆیەکی به نەوعیٚکم بەرهەم هیٚنابیٚ پیٚشەکی پیشانی مامۆستا (گۆران)م داوەو سەرنج و تیٚبینی وردم لیٚ وەرگرتووەو دەستکاریم کردووه ، ئنجا پیشانی جەمهورم داوه . بەلای بۆ چوونی منەوه ، ئەمڕاستی‌یه ، دەستیٚکی بالاّی هەیه له خولیاو چیٚژی ویٚنەی ڕەسەنی شیعری‌ی لەلای (گۆران) .

ویٚنەی شیعری‌ی له بەرهەمی ئەم شاعیره مەزنو ڕابەرو داهیٚنەره پشوو دریٚژەدا هەربه تەواوی شەپۆل ئەداتو مایەی حەپەسانو سەرسامی‌یه :

گوڵه بــــەڕۆژەی ، قژ زەردی ، چـــــاوکـــــالّ
مـــل کـــەچ وەستـــابوو ، سەر گەرمی‌ی خـــەیـــالّ

هەموو یەکیٚکمان گولّه بەرۆژەمان ، ڕەنگه بەرچاو کەوتبیٚ بەلاّم ئاخۆ کاممان ، ئەم ویٚنه جوانەی بەخەیالّدا هاتبیٚ ئەم ویٚنه هونەری‌یه ، گولّه به ڕۆژەی وەکوو (کچیٚکی قژ زەردی ، چاوکالّی ، ملکەچ وەستاویٚ سەرگەرمی خەیالّ) پیٚشان‌داوه . . گولّه بەرۆژه ، پەڕەی گولّەکانی هەمووی زەرده ، ناوەراستەکەی کالّەو لەبەر گرانی‌ی خۆی ملی لارگرتووه و هەر زۆر خەیالاّوی‌یه . . ئەگەر شاعیر ،

هونەرمەندانە وێنەی نەکێشایەو گیانێکی زیندووی نەکردایەتە بەر ئەو وێنەیە ئەو بەیتە زۆر وشك‌و بێ‌گیان دەرئەچوو ، وەك بڵێت : (گوڵە بە رۆژەکە دەوروپشت زەردو ناو کاڵ‌و ملکەچ وەستاوە کە هیچ بەهرەو هونەرێکی شیعری‌و چێژێکی ئەدەبی تیا نەئەدرەوشایەوە . کەواتە وێنەکێشانە هونەرییەکە زیندوێتی‌و نەمری بە بەیتە شیعری یەکەی (گوڵە بە رۆژە) بەخشیوەو چێژو پێزی تایبەتی داوەتی‌و هیچ کۆن نابێت ،و هەمیشەش هەرتازەیە .

هەندێك وێنەی شیعریش هەیە کە وێنە گرتنێکی راستەوخۆیە واتە فوتۆگرافی‌یەو کە متر هەست بە جوولەو درەوشانەوەی دیمەن‌و تابلۆکان دەکرێت‌و جاروبار شاعیر بۆ مەبەستێ تایبەتی‌و بەراورد کردن وشکانەوەی نیازی سەرەکی خۆی بەسەر ئەو وێنە فوتۆگرافیە راستەوخۆیانەدا ، ئەم چەشنە وێنانە دەکیشیت ، وەك ئەم بەیتانە :

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
شەونمی درەخت لە رووم پژاوە
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
تا دەگاتە :
بەلام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ رووناکی یە ، بێ بزەی ئازیز (١)

وێنەکانی سەرەوە هەموویان ، بەزۆری ، تادەگاتە «بەلام طه بیعەت» .. راستەو خۆن ، فوتۆگرافین ، وێنەی هونەرییان ، شیعرییان ، کەمتر ئاوێتە بووەو جوانی‌یەکانی سروشت ، یەکە یەکە ، گوڵە وەچن‌و چەپك‌کراون بۆ مەبەستێکی سەرەکی‌و تایبەتی شاعیر کە ئەویش بەراوردکردن وشکانەوەی جوانی‌ی ئافرەتە بەسەر هەموومیاندا «بێ رووناکی‌یە بێ‌بزەی ئازیز» (گۆران) لە تابلۆکانی . شیعری (دواسرنج)دا ، وێنەی شیعری‌ی جوان‌و زیندووی هونەری‌ی کێشاوە ، وەك :

ئەبینم پەپوولەی نیازی گفتوگۆ
دوو دڵ راوەستاوە لەسەر گوڵی لێو
ئاخ خۆزگە هەڵئەفڕی ، ئەمزانی ئاخۆ
راسپێری‌ی چی پێیە بۆ گیانی پەشێو

لەم کۆپلەیەدا ، جگە لە پەیوەندی نێوان پەپوولەو گوڵ‌و لێو ، شاعیر لە رێگای وێنەکێشانی ئەو تابلۆ رەنگینەوە هەست‌و نەستی خۆی دەربڕیوەو شێوەی نیازی قسەکردنی (خۆشەویستەکەی) بە پەپوولەیەکی دوودڵ نەخشە کێشاوە کە چۆن بەسەر گوڵی لێوە وە نیشتوتەوەو ئەمیش خۆزگەی ئەوەی بۆ دەخوازێت کە هەڵفرێت‌و بزانێ چ راسپێرییەکی بۆ گیانە پەشێوەکەی ئەم پێیە .

واتە وێنەی پەپوولەی نیازی گفتوگۆوهەڵفرینی بۆ گەیاندنی راسپێری ، کراوە بە پردێکی نادیارو هەست پێ‌کراو بۆ دەربڕینی مەبەست‌و ئاواتی شاعیرو گەیشتن بەخولیاو ویستەکانی .

شیعر هونەرێکە زیاتر بە وەحی‌و ئیلهام مەبەست‌و ویستی خۆی بە مرۆڤ دەگەیەنێت ، واتە لەرێگای دەربڕینی ناراستەوخۆوە خوێنەرو گوێ‌گر بەرەو شتە راستە وخۆکان دەبات‌و لەرێگای کەلەپوورو ئەفسانەشەوە رەگ‌و ریشەی رابوردوو بەزەمینەی ئێستاو دوا رۆژەوە دەبەستێتەوەو گرێ دەدات .. هونەری وێنە کێشانی شیعریش ، بۆ دەربڕینی دیمەن‌و تابلۆکان‌و بۆ زمانە ناراستەو خۆکەی وەحی‌و ئیلهام‌و ، واتە بۆ لایەنە هونەرییەکەی شیعر ، کەرەسەو هەوێنێکی هەر زۆر پێویست‌و پیرۆزەو پێوانەیەکی دروستە بۆ رادەی شاعیرێتی ئەم و ئەو :

بەلام ئەهریمەنی گەلای باخ سیس کەر
بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی
ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیس کەر
جیّ ی چینەی لیّ تەنیم بەڕاوی وردی

لێرەدا «گوران) چەن وێنەیەکی گونجاوی چڕوپڕی لە تابلۆیەکی شیعری ی دا جیّ کردۆتەوەو پیشان داوە : باخ و مەل و ئەهریمەن و کوردو راوکەرو دارستان و چینەو خاڵی لە بۆتەی هونەری وێنەکێشانی شیعری ی دا دەرخستوە ، واتە هێزی خراپەو شەڕو ویرانی کە ئەهریمەنی خوای بەدکاری یە ، بەرامبەر بە هێزی خێرو چاکەو ئاوەدانی ، هێزی گەشە کردنی باخ و بەرز بوونەوەی جووکەو ئاوازی کوردی و پەرەسەندنی شیعرو چینەو سەرفرازی و دڵنیایی باڵدارەکان . شاعیر ، لە ریگای ئەم وێنە

شیعری یە هونەری یانەوە ، توانیویەتی بە شیوەی وەحی و وئیلهام و وریابوونەوە ، بەشێوەیەکی ناراستەو خۆو رەمزاوی ی گونجاو ، مەبەست و ونیازی دەروونی خۆی دەرببرێت و پەنجەی خوێنەرو گوێ گر بخاتەسەر زامە گەورەکی ی خۆی و نەتەوەکەی و ئاگری هوشیاری و چاوکردنەوەکە خۆشتر بکات و بایەخ و گەورەیی شیعرو هونەریش دەربخات کەواتە ئەوەندی شیعر ، لە

رووی کێش و ولێدان و لەرەو جووڵەوە ، لە ئاوازو مۆسیقاوە نزیکەو لەسەر دەمێکی هەر تەواو کۆن و دێرینەوە ، شان بە شانی ئاوازو مۆسیقاو گۆرانی هاتووەو ، نە شیعر بەبێ ئەوان ئەژی و هەڵ دەکات و نەئەمانیش بەبێ ئەو . هەروەها شیعریش

بەبێ وێنەو نیگارو تابلۆی هونەری و رەنگین نابێت و ناژی . تەنانەت زۆر جار شاعیر هەر بەناو هێنانی وێنەو وێنەکێشان ئەم حەقیقەتە هونەری و گەورەیەی دەربڕیوەو پیّ لێناوە . ئەوەتە

(نالی) مەزن دەڵێت :

(مانی) نی یەتی قووەتی تەصویری بڕۆی تۆ
ئەو قەوسە بەدەستی (موتەنەفیس) نەکشاوە
من کە لێرەدا نموونەم لەسەر شیعری دوو شاعیری وەك

(نالی) ، کە نوێنەرو ڕابەری هەرەدیاری شیعری کلاسیکی کوردی یەو (گۆران) کە رابەری نۆی کەرەوەو چەسپاندن وگەشە پێدانی شیعری نویّ ی کوردی یە ، هێناوەتەوە ، دەربارەی وێنەی شیعری ی ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیرانی تر ، لە هەموو دەورو نەوەو پشتەکاندا ، بەتایبەتی شاعیرانی هونەرمەندو بەهرەداری ئەم سەردەمەی ئیستامان ، لەم هونەری وێنە کێشانی شیعری یەدا ، سەرمایەی ئەدەبی یان کزو لاوازە ،

بەپێچەوانەوە ، بە پیّ ی پێشکەوتنی جووڵەی کاروانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، زۆر وێنەو تابلۆی پرشنگداریان لە بەرهەمی شیعری یاندا کێشاوە کە جێگای سەرنج و حەپەسانی مرۆڤن ، بەلام بۆیە من نموونەم لەسەر هەر یەکێك لەو شاعیرانە نەهێنایەوە ، چونکە هەم زۆرن و هەم منیش لە وتارێکی وادا نەمویست ، لە رووی نموونە هێنانەوەوە درێژە بە نووسینەکەم بدەم و ڕەنگە بەپیّ ی حەزو ئارەزووی خۆیشم ، لە دەرفەتێکی تردا ، وەك پێویست ، ئاوڕ لەم لایەنە بدەمەوەو ، ئەوەندەی بتوانم ، باسەکە تا ئەمڕۆ درێژەپیّ بدەم و بە ئەنجام بگەیەنم .

پەراوێز

(١) جارێکیان لەگەڵ مامۆستا (گۆران) دا باسی هونەری شیعرمان دەکرد ، گێرایەوەوتی : جاروبار وارێك دەکەوێت مرۆڤێکی ساکارو سادە لە ناو جەرگەی رەشۆکی خەڵکەکەوە سەرنج و تێبینی زۆر وردت ئەداتیّ . ئەکێك لە وانە شیعری (ئافرەت وجوانی) یە کە بۆ یەکێك لەو مرۆڤە ساکارانەم خوێندەوە ، جارێکی کەی پیّ خوێندومەوە ئنجا وتی مامۆستا ئەم شیعرەی تۆ لەوێدا تەواو بووە کە دەڵێت : بیّ روو ناکی بە بیّ بزەی ئازیز .
هەموو یەیتە روون کردنەوەکانی دوای ئەو بەیتە زیادن و پیویست نین ، چونکە لەچری کۆتایی کەیان زۆر کەم کردۆتە وە ، منیش کە سەرنجم دا راست ئەکات بەلام تازە بلاوم کردبۆوە ئەگینا لام ئەبردن .